## عێلی بارزان

توێژینەری ناسراوی کورد، کاک محەمەد عەلی سوڵتانی، لە ساڵی ٢٠٠٤ دا بەرگێک کتێبی لە تاران بڵاوکردەوە کە ناوی "بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی هۆزی بارزان"ە. لە کتێبەکەدا سەرەتایەک سەبارەت بە وشەی "بارزان" نووسراوە، ئینجا زانیارییەکی زۆر سەبارەت بە پێشینەی ئایینی – سیاسی بارزانییەکان راگەیە نراوە کە بۆ خوێنەری فارس گەلێک بەسوود دەبێت.

بەشی دووهەمی کتێبەکە، چاپ کراوەی سەر لە نوێی کتێبی "اسرار بارزان" نووسینی نەمر دوکتۆر ئیسماعیلی ئەردەڵانە کە سەرەتا لە ساڵی ١٣٢٥[١٩٤٦] دا چاپ کرابوو و چیتر نوسخەی بەدەست کەسەوە نەمابوو.

بەشی سەرەکی کتێبەکە، بریتییە لە چاپ کردنی ٤٤٦ بەڵگەنامەی ساواک و سوپا و دەزگا حکوومەتییەکانی دیکەی ئێران لە پەیوەندی بارزانییەکاندا – هەر لە ساڵی ١٩٤٥ەوە تا ١٩٧٦. بەشەکانی کۆتایی کتێبەکە بریتین لە وێنە و ژین نامەی هەندێک کەسایەتی کورد. بەڵگەنامەکان بەشێکی زۆریان هەر ئەوانەن وا پێشتر لە کتێبی "چپ در ایران - ..." دا بڵاو بوونەتەوە و من لە بەشی ژمارە ٩ی ئەم وتارانەدا ئاماژەم پێ کردوە.

کتێبی کاک محەمەد عەلی سوڵتانی هەر لە یەکەم بەڵگەنامەوە کە پەیوەندی بە گوندی "سەرا" پەیدا دەکات تا بەڵگەی ژمارە ٣ کە باسی هاتنی نەمر مەلامستەفای بارزانی بۆ بۆکانە و ژمارە ٧ کە باسی چوونی حاجی بابەشێخی سەیادەتە بۆ سەقز، گە لێک بابەتی پەیوەندیان بە بۆکانەوە هەیە. بەڵگەنامەکانی ژمارە ٢٥، ٤١، ٤٦(قاسم ایلخانی زادە، ابراهیم علیار)، ٢٤٩(حسێن فاتحی، فتح الله سنەیی، رحمانی کوڕی رسووڵ لە بەردەزەرد، و مەلا سوڵتان لە ناوچەی فەیزوڵڵابەگی)، ٣٨١(حەسەن زیرەک)، ٢٨٥(سەلاح موهتەدی، محمد ایلخانی زادە، عەبدوڵڵا ایلخانی زادە)، ٣٠٤(صلاح مهتدی)، ٣٠٩(دادخواە، امیری، محمد عباسی)، ٣٢٢(معلمین بۆکان)، ٣٢٤(سوارە ایلخانی زادە، سعد مهتدی، دیهبانی بۆگەبەسی [ قەدیمی ] ، ٣٣٠ (هە مان دیهبانی بۆگەبەسی، محەمەد بوداقی، ئاغاواتی بۆکان)

محمد علی سلطانی، "اوضاع سیاسی، اجتماعی، تاریخی ایل بارزان"، بانضمام "اسرار بارزان" نوشتە دکتر اسماعیل اردلان، ناشر: سازمان اسناد و کتابخانە ملی جمهوری اسلامی ایران، تهران ١٣٨٣ [٢٠٠٤]، ٦٧٧ صفحە، فارسی